مان یونایتد بە نیوکاسل دۆڕا و ماڵئاواییکرد لە جامی کاراباو

لە قۆناغی 16ی جامی کاراباو، یانەی مانچستەر یونایتد لە یاریگای ئۆلد ترافۆرد میوانداری یانەی نیوکاسل یونایتدی کرد. لە تایمی یەکەمدا، یاریزانانی نیوکاسل باشتر بینران و دوو گۆڵیان لە رێگای ئەلمیرۆن و لویس هال تۆمارکرد لە خولەکانی 28 و 36. لە تایمی دووەمدا و لە خولەکی 60 ویلۆک گۆڵی سێیەمی نیوکاسلی کرد و سەرەنجام یاریەکەیان بە سێ گۆڵی بێبەرامبەر بردەوە. بەو ئەنجامە، مانچستەر یونایتدی پاڵەوانی وەرزی رابردوو ماڵئاواییکرد لە جامی کاراباو، نیوکاسلیش سەرکەوتنی بە قۆناغی چارەکی کۆتایی بەدەستهێنا.